CEMAWER
ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتی ئازادە
نرخی (٥٠٠) دینارە
خولی دووەم- ژمارە (٢١٨) دووشەممە ٢٠٠٧/٤/٩



**ئیلهام دەیەوێ وەک مریەم بە پاکیزەیی بژی**

١٥

**جەوهەر نامیق:**

## کە مرۆڤ گوێ لە گلەو گازاندەی کەسوکاری ئەنفالکراوان دەگرێ، گریانی بۆ حاڵی کورد دێت



جەوهەر نامیق، ماوەی چەند ساڵێک سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بووەو تا پرۆسەی ئازادی عێراقیش سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی بوو، لەبارەی کۆمەڵێک پرسی تایبەت بەکوردستان، جەماوەر چەند پرسیارێکی بۆ ناردو ئەویش بە نووسین وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە

٥

**بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێر:**

## لە کوردستاندا (3800) ناوچەی شوێنەواری هەیە

٦

**جەواد مەلا، سەرۆکی حکومەتی رۆژئاوای کوردستان:**

## پارتی و یەکێتی زۆر خراپتر لە داگیرکەرانی کوردستان دوژمنایەتی کارەکانمیان کردووە



جەواد مەلا کەسایەتییەی نەتەوەی کوردەو سەرۆکی حکومەتی رۆژئاوای کوردستانە لەو دیدارەی کە لە رێگەی ئینتەرنێت لەگەڵمان سازداوە، باس لە بارودۆخی کورد لە ناوچەکە دەکات و سیاسەتی کوردی دەخاتە بەر باسکردن.

٩

**عیماد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:**

# ئەو بەرپرسانەی یەکێتی کە هەواڵ بە نهێنی بە رۆژنامەکان دەدەن، هەقوایە خۆیان ئاشکرا بکەن

تایبەت بە جەماوەر: عیماد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە لێدوانێکی تایبەت بە جەماوەر رایگەیاند "ئەو بەر پرسانەی ناو یەکێتی کە هەواڵی ناو یەکێتی بە نهێنی بە رۆژنامەکان دەدەن، لە حاڵەتی بە درۆخستنەوەی هەواڵەکان هەقوایە خۆیان ئاشکرا بکەن "ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی راگەیاندنی یەکێتی تا رادەی بێ سەروبەری بە شەفاف وەسف کرد.

لە ماوەی رابردوودا لەکاتی ململانێیەکانی ناو یەکێتی کۆمەڵێ زانیاری لە بارەی کێشەکانی ناو یەکێتی لە رۆژنامەکان بڵاوکراوەیەوە بێ ئەوەی سەرچاوەی هەواڵەکان دیار بێت، عیماد ئەحمەد بە جەماوەری راگەیاند "بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵانە مانای ئەوەیە کە راگەیاندنی یەکێتی تا رادەی بێ سەروبەری شەفافە". لە بارەی دزەکردنی هەواڵە نهێنیەکانی ناو یەکێتی لە چەند رۆژنامەیەک عیماد ئەحمەد رایگەیاند "ئەگەر ئەو زانیاریانە لە لایەن بەرپرسانی ناو یەکێتی بە رۆژنامەکان دەدرێت ئەوا لە کاتی بە درۆخستنەوەیان هەقوایە سەرچاوەکان خۆیان ئاشکرابکەن، راستی خۆیان بسەلمێنن "عیماد ئەحمەد ئەوەی رەتکردەوە کە نەوشیروان مستەفا دەستی لە بڵاوکردنەوەی ئەو زانیاریانە هەبێت و وتی "نەوشیروان مستەفا بە خۆی پیاوێکی بە جورئەتە لە دەربرینی بیروراکانی بە ناوێکی نادیار هەواڵ بە رۆژنامەکان نادات "دیاردەی بڵاوبوونەوەی ئەو زانیاریانە لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی جێگای باس بووە عیماد ئەحمەد وتی "زۆر جار لە مەکتەبی سیاسی ئێمە قسەمان لە سەر ئەو دیاردەیەکە کردووە، من بە راشکاویش بە رۆژنامەکانم وتوە ئەگەر ناوی سەرچاوەکە نەهێنن لە میسداقیەتی خۆتان کەمدەکەنەوە".

دیمانەکە لە لاپەڕە 11 بخوێنەوە



**عزەدین باقەسری، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان:**

## ئامانجی رووداوەکانی شێخان کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پارتی بوو لە ناوچەکە

تایبەت بە جەماوەر: عیزەدین باقەسری ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە دیمانەیەکی تایبەت بە جەماوەر رایگەیاند "ئامانجی رووداوەکانی شێخان کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پارتی بوو لە ناوچەکە".

عزەدین باقەسری کە ئێزدییە و ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە ئەوەی رەتکردەوە کە رووداوی شێخان دژی ئێزدییەکان بێت، بەڵکو بەپێی قسەکانی ئەو ئەندام پەرلەمانە ناکۆکی نێوان موسڵمان و ئێزدی کرایە پەردەیەک بۆ ئامانجێکی تر، کە ئەویش کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پارتی بوو لە ناوچەکە، ئەوەشی راگەیاند کە رووداوەکە کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام ئامانجێکی سیاسی لە پشتەوە بوو بۆ تێکدانی بارودۆخی ئەمنی ناوچەکە ئەو ئەندام پەرلەمانەی کوردستان ئەو لایەنانەی دەستنیشان نەکرد کە بۆ ئەو ئامانجە هەوڵیانداوە، بەڵام گوتی "ئەوان ئامانجی خۆیان هێنایەدی و ئیهانەی ئێزدییان پێکرد".

دیمانەکە لەلاپەڕە 7 بخوێنەوە

## سێیەم کۆنگرەی کلێسای کورد زمان لە هەولێر دەبەسترێت

تایبەت بە جەماوەر: رۆژی 12ئەم مانگە لە هەولێر سێیەم کۆنگرەی کلێسای کورد زمان دەبەسترێت، چەندین کەسایەتی لە عێراق و جیهان بۆ کۆنگرەکە بانگهێشت کراون.

لە رۆژی 12ی ئەم مانگە لە هەولێر کۆنگرەی سێیەمی کلێسای کورد زمان دەبەسترێت، سەرچاوەیەک لە کلێسای کورد زمان بە جەماوەری راگەیاند " لە سەر ئاستی عێراق و جیهان چەندین کەسایەتی بۆ کۆنگرەکە بانگهێشت کراون". ئەو سەرچاوەیە ئامادە نەبوو ژمارەی ئەندامانی کۆنگرەکە ئاشکرا بکات، کلێسای کورد زمان کە لە چەند رۆژی داهاتوو سێیەم کۆنگرەی دەبەستێت، هەر دوو کۆنگرەکەی پێشووی لە هەولێر بەستراوەو ئەو کلێسایە سەر بە کلێسای ئینجیلە، زۆربەی لایەنگرەکانی پێشووی موسڵمان بوونە.

## کۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەوانان رووداوی رفاندنی نەبەز گۆران بە تیرۆر دادەنێت



جەماوەر-هەولێر: لە روونکردنەوەیەکی سەبارەت بە رووداوی رفاندنی نەبەز گۆران کۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەوانی کوردستان رووداوەکە بە تیرۆر دەزانێت.

کۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەوانانی کوردستان لە بەیانێکدا وێڕای مەحکومکردنی رووداوی رفاندنی "نەبەز گۆران" رایگەیاند کە کۆمیتەکە بۆ داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێت، رێکخراوەکانی وەک ئەمنیستی ئینتەرناسیۆنال و رێکخراوی قەڵەمی ئازاد و پەیامنێرانی بێ سنوور ئاگادار دەکاتەوە، هەروەها کۆمیتەکە رفاندنی نەبەز گۆرانی بە تیرۆر زانی.

لەلایەکی ترەوە ناوەندی چاک رۆژی 4/5 لە بەیانێکدا رووداوی رفاندنی نەبەز گۆرانی مەحکوم کرد.

هاوکات نەبەز گۆران لە دیمانەیەکی تایبەت بە جەماوەر باسی لە وردەکاری رووداوی رفاندنەکەی کرد و ئاماژەی بەوە کرد هەر زانیارییەک پێویست بوو بێت بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانە، دەزگا ئەمنییەکانی لێ ئاگادار کردەوە.

دەقی راپۆرتەکە لە لاپەڕە (4) بخوێنەوە.

**حاکم مونیر حەداد :**

# سەدام ویستی لاسایی عەبدولکەریم قاسم بکاتەوە، بەڵام دەترسا، دەشێ لە ترسا مردبێت

**تایبەت بە جەماوەر:**

حاکم مونیر حەداد لە دیمانەیەکی لەگەڵ مەهاباد قەرەداغی، چەند نهێنیەک لەبارەی لەسێدارەدانی سەدام ئاشکرا دەکا و دەڵێ "سەدام ویستی لاسایی عەبدولکەریم قاسم بکاتەوە، وەک قارەمانێک بچێتە مێژووەوە، بەڵام زۆر لە لەسێدارەدانەکە دەترسا، بۆیە دەشێ لە ترسا مردبێ".

حاکم مونیر حەداد کە جێبەجێکاری حوکمی لەسێدارەدانی سەدام حسێنە، بە ڕەچەڵەک کوردە و چوار جار سەدامی بینیوە، دوو جار بەر لە کاتی لێکۆڵینەوە وجارێکی تریش حاکم مونیر وەک بینەر لە دادگا ئامادە بووە و دواجار لە کاتی لەسێدارەدان سەدامی بینیوە. حاکم مونیر گوتی "هەستم کرد پێش هەڵکێشانی، سەدام تەواو بوو، دەشێ لەترسا مردبێ، خۆم لە تەنیشتی بووم، کە هەڵیانواسی هیچ پەلەقاژەی نەکرد، هیچ کەسێک نییە لەکاتی مردن پەلەقاژە نەکات، بۆیە گومان دەکەم پێش ئەوە گیانی دەرچووبێت".

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەلای مونیر حەداد هەیە، سەدام حسێن دوای لەسێدارەدانی، تەرمەکەی براوەتە ماڵی نوری مالیکی و چواردە وەزیری عێراقی تەرمەکەیان بینیوە، سەدام هیچ وەسیەتێکی نەکردووە، تەنها قورئانەکەی بە موەفەق روبەیعی داوەتا لە ڕێگەی پارێزەرەکەیەوە بیگەیەنێتە کچەکانی سەدام.

لە بارەی تەرمی سەدام، مونیر حەداد گوتی "ئەو کەسەی تەرمی سەدامی شوشت ناوی ئەبو ئەسعەد بوو، لە نوسینگەی مالیکی کار دەکات و باوکی ئەو پیاوە لەلایەن سەدامەوە لەسێدارە دراوە".

زانیاری زیاتر لە لاپەرە 5 بخوێنەوە

**لە بەیانێکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە یەکێتی ئەوروپا:**

## راوێژکاری مام جەلال دژی حکومەتی کوردستان لێدوان دەدات

**تایبەت بە جەماوەر:** لە بەیانێکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە یەکێتی ئەوروپا" راوێژکاری سەرۆک کۆماری عێراق وەک بەرەی تورکمان و ئاشوورییەکان دژی حکومەتی هەرێم لە شاری برۆکسل لێدوانی داوە".

لە هۆڵێکی پەرلەمانی ئەوروپی لە برۆکسل 26-27 مانگی رابردوو رێکخراوێکی هۆڵەندی سیمینارێکی لەبارەی تورکمانی رێکخست، نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم بەیانێکی لەسەر سیمینارەکە بڵاوکردۆتەوە و تیایدا هاتووە" زۆرینەی ئامادەبووانی سیمینارەکە نوێنەرانی بەرەی تورکمانی بوون، کە ویستیان هەقیقەتی کوردستانی بوونی کەرکووک بشێوێنن و رۆڵی حکومەتی هەرێمیان لە پێدانی مافەکانی تورکمان فەرامۆشکرد هەر لە بەیانەکەدا هاتووە "راوێژکاری سەرۆک کۆماری عێراق بۆ کاروباری تورکمان موزەفەر ئەرسەلان وەک ئەندامانی بەرەی تورکمانی رەخنەی لە حکومەتی هەرێم گرت و لە شێواندنی مێژووی کەرکووک لە سیمینارەکە بێ دەنگ بوو".

لە سمینیارەکە نوێنەرانی یەکێتی ئاشووری جیهانی لە کەنەدا و "بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری" ئامادەبوون، بەهەمان شێوەی بەرەی تورکمانی رەخنەیان لە حکومەتی هەرێم گرتووە. لە بەیانەکەدا هاتووە "ئەو دوو رێکخراوە چەندین تۆمەتیان خستۆتە پاڵ حکومەتی هەرێم". هەر بەپێی بەیانەکە هیچ یەکێک لەو تورکمانانەی لە حکومەتی هەرێم بەشدارن ئامادەییان لە سیمینارەکەدا نەبووە.

**بە پێی بەیانێکی لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور:**

## لە تەقینەوەیەکی بەمدوایەی عێراقدا ماددەی کلورین بەکارهاتووە

**تایبەت بە جەماوەر**

بەپێی بەیانێکی لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور لە تەقینەوەکانی بەمدوایەی عێراقدا ماددەی کلورین بەکارهاتووە، لیژنەکە کۆمەکی پزیشکی بۆ بریندارەکانی تەقینەوەکانی کەرکوک و تەلعەفەر دابین کردووە.

بەپێی بەیانێکی رۆژنامەوانی لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور کە رۆژی 4/4 لە جنێڤ بڵاوکراوەتەوە" لە تەقینەوەکانی بەمدوایەی شارەکانی بەغدا و موسڵ و رمادی ماددەی کلورین بەکارهاتووە". لە لێدوانێکی تایبەت بە جەماوەر نەدا رمانی وتەبێژی خاچی سوور لەعێراق رایگەیاند "کە ئەو زانیارییانە لەلایەن چەندین راپۆرتی رۆژنامەوانی هاتووە کە دواتر بەخاچی سوور دراوە، هەموو ئاماژە بەوە دەکەن، مادەی کلورین لە تەقینەوەکان بەکار دێت، کە بە ماددەیەکی کیمیایی قەدەغەکراو دەزانرێت و بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بەکارهێنانی قەدەغەیە".

هەر لە بەیانەکەدا هاتووە کە خاچی سوور کۆمەکی پزیشکی بە 100 کەس لە بریندارەکانی تەقینەوەی 1ی نیسانی کەرکووک کردووە و هەروەها کۆمەکی پێشکەشی بریندارەکانی تەلەعفەر کردووە، کە لە دهۆک چارەسەر دەکرێن.

لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور لە عێراق تا ئێستا زیاتر لە 15 کارمەندی لە عێراق لە دەست داوە، لە ئۆکتوبەری ساڵی 2003 بارەگاکانی لە بەغدا تەقێنراونەتەوە.